# ڕۆڵی زمان

## له نێوان سوێندی نەتەوەیی و سوێندی لۆکاڵیدا

به دواداچوونێک لەسەر پرۆسەی سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی کوردستان

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

له یەکەم دانیشتنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا مانۆری سوێند خواردن به شێوەیەکی بەرچاو بەڕێوە چوو. یەکەم خاڵی گەش و دیاری ئەو مانۆرە پڕ شکۆیە سوێندخواردنی هەندێ پەرلەمانتاری بەڕێز بوو کە ئامادە نەبوون بەرپرسیاریەتی خۆیان کورت بکەنەوە له بەشێک له پارچەی باشووری ئازادکراوی وڵاتەکەماندا. ئامادە نەبوون پارێزگاریان تەنها بۆ باشوور بێ کە به ناڕەوا پێی دەگووترێ (کوردستانی عیراق)، بۆیە دە پەرلەمانتاری بەڕێز وشەی عیراقیان قوتداو ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە پارێزگاری له یەکیەتی گەل و خاکی کوردستان (بێ عیراق) و بەرژەوەندیە باڵاکانی بکەن. یەکەم پەرلەمانتار بەڕێز ئەدهەم بارزانی بوو کە ئەو هەڵەیەی نەکردو ئامادە نەبوو کوردستان بکا به موڵکی عیراق. دوایی ئەویش نۆ پەرلەمانتاری تر کە بەڕێزان نازناز محمد عبدالقادر و دلێر اسماعیل حقی شاوەیس و خەرمان زرار ئەسعەد و زرار تاهیر ئەمین و محمدی حاجی محمود و د. نوری تاڵەبانی و غفور مخموری و باپیر کامەلا و شوکریه خدر پیرۆت بوون. ئەگەر چی بە دەربڕینی وشەی عیراق له دوای ناوی کوردستان هیچ شتێک لەسەر زەوی ڕوو نادات و هیچ کێشەیەکیش چارەسەر نابێ، بەڵام ئەم پرسە پەیوەندی بە دەروونی کەسەکانەوە هەیە و ڕستەی (کوردستانی عیراق) بۆنی ئەنفال و کیمیاوی و عارەباندن و دەربەدەری ساڵەهای ساڵمان دێنێتەوە یاد. ئەو ڕستەیە کاریگەرییکی ڕاستەوخۆی لەسەر دەروونی مناڵەکانمان و وەچەی داهاتووی گەلی کورد دەبێ. ئەو بەڕێزانە بە میوانان و بە هەموو پەرلەمانتارانی تریشیان گووت: کوردستان یەک کوردستانە و فێڵ له هەست و نەستەکانمان ناکەین. ئەوان پابەندبوونی خۆیان بە یەک کورستان پیشانداو ئومێدیش دەکەین کە لە دڵێشیاندا هەر هەمان مەبەست ئامادەیی هەبووبێ. ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بوو وەکو لە ماڵپەڕی پەیامنێر ئاماژەی بۆ کرابوو 75% ی * پەرلەمانتاران سوێندیان بە هەڵە خواردووە، ئومێدەوارم ماڵپەڕی پەیامنێر سوێندی ئەو دە پەرلەمانتارەی نەخستبێتە ڕیزی ئەو ڕێژەیەی کە پیشانیان داوە. خۆزیا ئەم هەڵە لە خودی تێکستەکەشدا نەکرابایە. ئومێدیشمان لەو دە پەرلەمانتارە ئەوەیە کە هەوڵدەن لە داهاتوودا دەقی ئەو سوێندە ڕاست بکەنەوە و ناوی عیراقی لێ بکوژێننەوە.

سەبارەت بە هەڵەی زمانەوانی لە پرۆسەی سوێندخواردندا ئەگەر لە ژێر تیشکی ڕابردووی بارودۆخی کوردستان لێکی بدەینەوە دەبێ بە لامانەوە ئاسایی بێ. بەڵام ئەوانەی هەڵە دەکەن پەرلەمانتارن و ئەوانن لە هەستیارترین کۆبوونەوە و لە هەستیارترین شوێنیشدا دەکەونە ناو هەڵەی زمانی زۆر گەورە، بۆیە بەڕای من دەبێ پرسەکە لە دوڕیانێکی تر تەماشا بکەین، بۆ ئەو پرسە کۆمەڵێک هۆکار هەن، لەوانەش:

1- شێوازی پەروەردە کردن لە کوردستان بەداخەوە هێندە هەڵە بووە، وەختە بڵێم هەموو شتێک بووە بێجگە لە پەروەردەکردن. مەبەستیشم لە پەروەردەکردن لایەنی فسیولۆجی خوێندکارە، کە مامۆستاکان هێندە پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر دەروونی خوێندکار ئەگەر لەباریەکیشی نەبەن ئەوا شەکەت و ماندووی دەکەن، مرۆڤێکی شەرمن و ڕێزپەڕ و داخراوی لێ دەردەچێ و لە بەرامبەر خەڵک و لە پێش مایک دەمی تێک

دەئاڵێ و ناتوانێ دوو ڕستە بە جوانی و ڕەوانی ڕیز بکات. پەروەردەی ئاسایی بریتیە لە گەشە کردنی مناڵ لە ڕووی دەرونی و فسیۆلۆجی بە شێوەیەکی لەبار و لەجێ. لە پرۆسەی خوێندنی وڵاتانی ڕۆژئاوادا خوێندکار هەر لە منالّیەوە ڕووبەڕووی هەندێ شت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ تووشی گرفت نەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەدا. بۆ نمونە: لە قۆناغی سەرەتایی جۆرێک پول یا لۆتەری بۆ لێقەوماوان یا هەر شتێکی تر لە ناو زەرفی تایبەت دەدرێتە دەست خوێندکاران بۆ ئەوەی لە کۆڵانی خۆیان بچن بیفرۆشن. یان داوایان لێدەکرێ ئینتەرڤیو لەگەڵ خەڵکی کۆڵان ساز بدەن، یا بە هەر شێوازی تر هەوڵدەدەن بە شێوەیەکی بەردەوام ئەو منالّە کارامە و لێهاتوو دەربچێ، بۆیە کەم وایە منالّی ڕۆئاوا لە چاوی کامیرا یا لە مایک بترسێ. هەڵبەت ئەو حالّەتە چەوتەی خوێندن لە وڵاتی ئێمە وای لە خەڵکی ئێمە کردووە نەتوانن ڕەوانبێژ بن، بە تایبەتیش لەبەر دەم کامیراو مایکدا.

2- نەخوێندنەوە دەردێکی کوشندەی ترە کە تەنانەت دەرچووی زانکۆش دوای چەند ساڵێک وا لێدەکات ڕەوانبێژی کەم بێتەوە ئەگەر لە بنەڕەتدا هیچ فێربووبێ. بەداخەوە تا هەنوکەش گەلی کورد بە گەلێکی نەخوێندەوار دەدرێتە قەڵەم، چونکە ناخوێنێتەوە. ئەو نەخوێندنەوەیە نەک هەر کاریگەری لەسەر نادروستی خوێندنەوە دەبێ بەڵکو لەسەر عەقلیەت و هوشیاری ئەو کەسەش دەبێ. لای ئێمە ساڵانی خوێندن ساڵانی کوێرەوەرین، بە دەرچوون و تەواو بوون لە خوێندن، کوێرەوەی لە جۆرێکی تر دەستپێدەکات. یا کەوتنە ناو کارو فەرمان و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵێک منالّ، کە نازانێ چۆن بە خێویان بکات، ئەمەش لە نەزانینی پلاندانان بۆ خێزان بەیەکەوە نان و دواتریش بێ بڕیاری بۆ منالّ دروست کردن، بۆیە دەبینین نە باوک و نە دایکیش دەرفەتیان نابێ یا نایانەوێ دەرفەت دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە هەفتەیەکدا چەند سەعاتێک تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوە و دوا نەکەوتن لە کاروانی ڕۆشنبیری. دەبینین زۆرجاران ڕەهەندێکی گەورە هەیە لە نێوان باوک و منالّدا، چونکە باوک لەبەر نەخوێندنەوە زانیاریەکانی کۆنە بوون و پەیوەندیان بە واقیعی نوێوە نەماوە و منالّەکەش زانیاری و خوێندنی تازە فێر دەبێ، بۆیە لەیەکتر ناحاڵی بوون لە نێوان وەچەی پێشوو وەچەی دوای ئەودا دروست دەبێ و لە یەکدابڕان بە شێوەیەکی ترسناک دەست پێدەکات. پێم وایە ئەو کێشەی لە یەکتر حاڵی نەبوونەی کە ئەمڕۆ لە نێوان وەچەی کۆنی دەسەڵاتدار و وەچەی نوێی ناڕازیبوودا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیە گەورەیە. نە وەچەی پێشووی تا هەنوکەش دەسەڵاتدار دەتوانێ لە کۆت و پێوەندی کۆن ڕزگاری بێ و ژیان بە پێی پرینسیپە نوێیەکانی دیموکراسیەت هەموار بکەن، نە وەچەی دوای ئەوانیش یا باشتر بڵێین وەچەی تازە پێگەیشتوو دەتوانێ بە پێی ئەو پرینسیپە کۆنانە بەڕێوە بروا. ڕۆشنبیری وەچەی پێشوو کۆن بووە و چیتر بە پێی بنەما نوێکانی ژیانی تازە ناڕوات بە ڕێوە، ڕۆشنبیری وەچەی تازەش دووچاری خۆ خواردنەوە بووە، لە لایەک لە ژێر کاریگەی ئەو ڕۆشنبیریە کۆنەدایە و لە لایەکی تریش دەیەوێ لەگەڵ بنەما نوێیەکان بێتەوە.

3- ئەم خاڵەش کە لە گرنگی خۆی خاڵی نیە، ئەویش خوێندنە بە زمانی سەردەست یا داگیرکەر. بۆیە زۆرێک لەوانەی بەرنامەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە گرفتیان لە نوسین و خوێندنەوەی کوردی هەیە. ئەوانە تەنانەت بیرکردنەوەشیان بە زمانی بێگانەیە، ڕەوانبێژیان بە زمانی بێگانە نەبێ بۆ زمانێکی تر ناتوانن ڕەوانبێژ بن. ئەمەش تاوانی ئەوانی تا ئەو ئاستە تێدایە کە بۆ خۆیان هەوڵ نادەن زیاد بخوێننەوە و ڕەوانبێژی پەیدا بکەن. کاریگەری زمانی داگیرکەر لە باکوری کوردستان بەداخەوە تا سەر ئێسقان ڕوو چووە و پێویستی بە کۆششی زۆر گەورە هەیە بۆ ئەوەی لەو قەیرانە ڕزگاریان بێ.

جیاوازی نەکردن لە نێوان گەل و گەڵ نیشانەیەکی زەقە بۆ ئەو سەقەتیە زمانەوانیەی کە خەڵکی کورد پێیەوە دەناڵێنێ. خۆ لە لاییێکی تر هەست نەکردن بە پەرسیاریەتی تەواوە بەرامبەر ئەو شوێنەی کە پەرلەمانتارانی تیادا دانیشتوون. گەورەترین خەوش ئەوەیە خەڵکی ئێمە شەرمی بە خۆئامادە کردن و پرسیار کردنە، ئەگینا لە بارودۆخێکی ئاوا پێویست دەکات پەرلەمانتاران خۆیان ئامادە بکەن و تا دوا هەناسە هەوڵ بدەن هەڵە نەکەن، ئەگینا بە شەرم و شورەی دەشکێتەوە نەک هەر بۆ ئەوان بەڵکو بۆ هەموو گەلی کورد.

تێبینیێکی تر کە زۆر نابەجێ و ناشایستە بوو، هەندێک لە پەرلەمانتاران دەیانگووت: (پارێزگاری لە یەکیەتی گەل و خاکی کوردستان و عیراق دەکەم) ئەمەش سوێندەکە بە دورپیانێکی تەواو جیاوازدا دەبات.

ئایا ئێمەی هاوڵاتی بۆمان نیە نیشانەی پرسیار بەرامبەر ئەو کەسانە دابنێین کە نەتوانن دوو ڕستە بە جوانی و ڕەوانی بخوێننەوە؟؟ ئەوانە چۆن دەتوانن کێشەیەکی نەتەوەکەیان بە ڕەوانی بگەیەنن بە دەسەڵاتداران ئەگەر جیاوازی لە نێوان گەل و گەڵدا نەکەن؟؟

پەرلەمانتاران ئاوێنەی گەلی خۆیانن، ئەگەر ئەوەبێ حاڵی ئەوان کە پێم وایە زۆربەیان دەرچووی زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکانن ئەی دەبێ حاڵی هاوڵاتیان بە گشتی چۆن بێ؟

دەزانین ئەم قۆناغەی گەلی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێ قۆناغی گواستنەوە و فێربوونە، ئومێدەوارین ئەو هەڵە و نسکۆیانە ئەزمونی بە نرخ بن و هانیان بدات لە وردو درشتی بار و دۆخی گەلەکەیان بکۆڵنە وە و لە هەموو بوارەکان شارەزا بن.

زمان هێندە گرنگە لە ژیانی گەلان، زۆرجاران هەڵەیەکی زمانەوانی بۆتە لە دەستدانی دەسکەوتی گەورە، بۆ هەندێک کەسیش هەڵەیەکی زمانەوانی بۆتە لەدەست دانی ژیانی خۆی. لەم ڕووەشەوە ئەرکی پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەغدا گەورەتر و مەترسیدار تر دەبێ، چوکە ئەرکی ئەوان هەستیار تر وگرنگترە بۆ داهاتووی پرۆسەی ئازادی لە کوردستان.

※ ttp://www.peyamner.com/article.php?id=11257&lang=kurdish

※ لە ژمارە 194 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاو بۆتەوە.